# کورد لە هەر سێ قەیرانی کەنداو دا

**مەهاباد قەرەداغی**

ئەم جەنگەی بەم نزیکانە هەڵدەگیرسێ، سێیەمین جەنگە لە ناوچەی کەنداوی فارسی دا ڕوو بدات. عێراق هۆکاری هەر سێ قەیرانی کەنداوە و، لە هەردوو جەنگی کەنداودا، ساڵی ١٩٨٠ شەڕی عێراق – ئێران، و ساڵی ١٩٩٠ داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، عێراق لایەنێکی سەرەکی و پەلاماردەر بووە، لە سێیەمین قەیرانی کەنداودا و لەم جەنگەدا ئێستا هەڵدەگیرسێ عێراق دەبێتە پەلاماردراو، بەڵام لە ئاکامی ئەو سەرکێشیانەی خۆی کە لە دوو جەنگی رابردووی نابراودا ئەنجامی دراون. کورد بە گشتی و کوردی باشوور بە تایبەتی لە هەرسێ قەیراندا تێوە گلاوە. دەتوانین کوردستانیش بە مەیدانی گەرم و بەرەی پێشەوەی جەنگ بژمێرین. بە هەڵسەنگاندنێکی خێرا دەکرێ گەلی کورد و خاکی کوردستان، لە دۆخی هەر سێ جەنگی کەنداودا بەم شێوەیە ببینین:

## جەنگی یەکەمی کەنداو:

لەم جەنگەدا، (١٩٨٠-١٩٨٨) کە هەشت ساڵی لە مێژووی گەلانی ئێران و عێراق پڕ کردبوو لە ئاگر، زیانێکی بێپایانی گیانی و ماددی بە خەڵکی هەردوو وڵاتەکە گەیاند. جگە لەو زیانانەی کە وەکو ئەنجامێکی ئاسایی لە هەر جەنگێکدا لە هێزی سوپای شەڕکەر دەکەوێ، سوپای هەردوو لا زیاتر لە ملیۆنێ سەرباز زیانی گیانییان بوو. خەڵکی سیڤیلی هەردوو وڵات بە خەستی تێوە گلان و، جگە لەو زیانە گیانی و ماددییانەی لێیان کەوت، جەنگ و دیاردە نائاساییەکانی کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی پاش هەر جەنگێ، ماوەیەکی درێژخایەن مایەوە و ئاکامەکانیشی تا ماوەیەک لە شێوەی دیاردەی سەیر و سەمەرەی کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری نائاسایی تاکەکان و، لە ڕووی ئابووریشەوە ئاکامە نێگەتیڤەکانی لە ناو بازاڕەکانی هەردوو وڵاتی عێرا ق ئێراندا ڕەنگی دایەوە.

ئەوەی من مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، ڕۆڵ و کاریگەری و جێگای کوردە لەو جەنگەدا و لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو لایانانەدا، چ وەک هۆکار و کاریگەر، یان وەک ئامانج و کارتێکراو. کورد وەکو نەتەوەیەکی جیانەژاد و، کوردستان وەک وڵاتێکی کۆلۆنیکراو لە هاوکێشەکاندا چۆن دەبینرێت؟

### یەکەم

: کێشەی کورد وەکو فاکتەر لە قیرانی یەکەمی کەنداودا:

بۆ هەموومان زانراوە کە دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا ( ٦ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥) ، کە لە نێوان شای ئێران و سەرۆکی ئەوسای ڕژێمی بەعس (ئەحمەد حەسەن بەکر) بە ناوبژیوانی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر (هاواریوبودیان) مۆر کرا، لە پای وەرگرتنەوەی

بەشێک لە خاک و ئاوی ( ئەو کەنداوەی کە عەرەب پێی دەڵێ کەنداوی عەرەب و فارسیش پێی دەڵێ کەنداوی فارس) ، شۆڕشی کوردی تواندەوە.
کە ساڵی ١٩٧٩، سەددام حوسێن هاتە سەر دەسەڵات، لەو ڕێککەوتننامەیە پاشگەز بووەوە و، بۆ وەرگرتنەوەی ئەو خاک و ئاوەی کە لە پای ئاشبەتاڵپێهێنانی شۆڕشی کورد بە ئێران درابوو، ڕێگەی شەڕی هەڵگیرساند و پەلاماری ئێرانی دا. بێگومان ئەمە تاقە هۆکار نییە بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە، بەڵکە یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە کە پەیوەستە بە کوردەوە، کە جێگەی ئەم باسەی منە. واتە لە جەنگی یەکەمی کەنداودا کێشەی کورد وەک فاکتەرێکی کاریگەری هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە ئامادەبوونی هەیە.

## دووەم :

کوردستان وەک بەرەی جەنگ لە قیرانی یەکەمی کەنداودا:

لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕدا، هەردوو کوردستانی بندەستی ئێران و عێراق، (ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان) ، بەرەی جەنگ بوون. لە ئەنجامیدا بە دەیان هەزار زیانی گیانی جەنگ لە گەلی کورد دەکەوت و، دیاردە زێوەکانی دوای جەنگ و کاریگەرییە دەروونیی و ئابوورییەکانی لە لای مرۆڤی کورد و لە بازارەکانی کوردستاندا ڕەنگیان دایەوە. دەتوانم بڵێم کاریگەری جەنگی یەکەمی کەنداو، تا ئەمڕۆش کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر دژواری لە سەر کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات بەردەوامە.
ترسناکترین زیانی شەڕی یەکەمی کەنداو، بۆردومانکردنی کوردستانی هەردوو بەش بوو بە گازی کیمیایی، شەهیدکردنی شاری هەڵەبجە و شاری سەردەشت لە هەردوو بەشی کوردستاندا، نموونەی تۆقێنەرترین زیانی گیانی بوو، کە بە ژمارە ڕەنگبێ زیانی گیانی لە ١٠ هەزار مرۆڤ تێنەپەڕێ، بەڵام کاریگەری دەروونی ئەو کارەساتانە بۆ سەر هەموو کورد، دەکرێ وەک دۆخێکی ترسناکی دەروونی و (تۆقینێکی نەتەوەیی) لە داگیرکەران دابنرێت.




## سێیەم:

کورد و ئاکامەکانی پاش جەنگ لە قیرانی یەکەمی کەنداودا:

هۆیەک کە هەمیشە شۆڕشی کوردی گیرۆدەی خزینی سیاسی کردووە فاکتەری جیوپۆلیتیکی کوردستان و، پەیڕەویکردنی سیاسەتی بێئاکام و چەندانبارە بووەوەی (پەنابردن بۆ دوژمنی

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

دوژمن) و، لەپای ئەو پەنادانەش نۆکەری کردنی سەرانی کورد بۆ داگیرکەرانی بەشەکەی تری ولاتەکەی خۆیان و سەرفکردنی هێز و وزەی پێشمەرگەی کوردستان (کە دلسۆزی گەلەکەی خۆیانن هەمیشە) ، لەو شەڕانەدا کە مالویرانی بۆ کورد هێناوە. بۆ نموونە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پەنا بۆ دەولەتی ئێران، سوریە و تورکیا دەبەن و لە پای دەستکەوتێکی کەمدا کە پێیان دەگات لەو دوژمنانەوە، هەلەی مێژوویی گەورەیان پێ دەکەن کە لە شکستی گەلی کورد تەواو دەبێت. پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە بەغدا، ترسناکترین دیکتاتۆری دنیا و سەرسەخترین دوژمنی کورد سەددام حوسێن پەنایان دەدات. تا ئەم چرکەیەش کە ڕژێمی بەعس دەتوانرێت بە کاتژمێر تەمەنی مانەوەی بژمێردرێت، بارەگای هەندێ لە پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەغداد هەن. بە هەمان شێوەش شۆڕشی باکوور پەنای لە سوریە و ئێران وەرگرتووە و، ئەلف و بای سیاسەتیشە کە داگیرکەرانی کوردستان لە سۆنگەی چی یارمەتی شۆڕشی کورد لە بەشێکی تری کوردستان دەدەن و لە بەشەکەی ژێردەستی خۆشیاندا کورد دەکوژن!

بە درێژای شەڕی یەکەمی کەنداو، عێراق و ئێران هێزە بەرهەلستیکارەکانی یەکتریان لە دژی یەکتر ئەکتیڤ دەکرد، هێزەکانی باشووری کوردستان و بە تایبەتیش پارتی و یەکێتی بەکاردەبران لەو شەڕانەدا. سوپای پاسداران بە یارمەتی یەک گەیشتە شارە سنوورییەکان و شارە سنوورییەکانی وەکو هەلەبجە، دەربەندیخان، کەلار و کفری و. هتد. پارتیش لە دژی هێزە بەرهەلستکارەکانی ئێران و بە تایبەتیش هێزی بەرهەلسکاری کورد بەکارهێنرا، ئەمانە مێژوون!

عێراق، کە دڕندەترین دیکتاتۆری دنیا حوکمڕانی دەکات، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان خۆی و ئێران بۆ قڕکردنی کورد و سڕینەوەی یەکجاری ناسنامەی کورد، لە هەنجەتی سەرکێشییەی یەک کردی و بۆ تۆلەسەندنەوەی لەو پشتیوانییەی ئەوان بۆ ئێران، سالی ١٩٨٨ پەلامارەکانی ئەنفالی دژ بە خەلکی سیڤیلی کورد دەست پێکرد و، جگە لە کیمیاباران کردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە بە ناوچە ئازادکراوەکان ناودەبران هەلمەتی وێرانکردنی سەرتاپای گوند و شار و شارۆچکەکانی دەست پێکرد. هەموو ئەو ناوچانەی مینڕێژ کرد و زیانەکانی کارەساتی ئەنفال بە ژمارە تەنها ١٨٢ هەزار کەس دەژمێردرێت، بەلام کە لە زیانە دەروونی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی بکۆلینەوە بە ئەنجامی زۆر ترسناک دەگەین.

ئاکامەکانی ئەنفال بە خالبەندی:

- **ئاکامی ئابووری:**

١. شکاندنی بربڕەی پشتی ئابووری کوردستان، بە هۆی سوتاندنی چوارهەزار دێ و مینڕێژکردنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی کوردستان کە زەوی کشتوکال بوون و تا ئێستاش نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێتەوە.

٢. تالانکردنی نەوتی کوردستان و بە خودی نرخی نەوت کڕینی چەکی قەدەغە و بەکاربردنی لە کوشتنی کورد دا.

٣. بلاوبوونەوەی بێکاری، هەژاری و نەخوێندەواری، کە زیاتر لە ناو توێژی ژنان و هەژارانی کۆمەلگەدا پەرەی سەند.

- **ئاکامی کۆمەڵایەتی:**

**١. بەجێمانی دەیان هەزار منداڵی بێباوک و، بێوەژنی مێردکوژراو لە ئاکامی جەنگدا. زیاتر بوونی دیاردەی کاری منداڵی خوار تەمەنی یاسایی و زیاتر بوونی ژمارەی لەشفرۆش لە سۆنگەی هەژاری لەناو بێدەرەتانانی کۆمەڵگە.**

**٢. دیاردەی تاڵانکردن وەک ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی ناپەسەند ڕژێمی بەعس کردی بە ڕەفتارێکی سروشتی و خەڵکی فێری شەڕەخۆری و مشەخۆری کرد. لە جەنگی یەکەمی کەنداوا، کە سەربازەکانی عێراق دێ و شارەکانی ئێرانیان بۆردومان دەکرد و دەسووتان، خەڵکی ئەو شارو شارۆچکانەیان بە دیل دەگرت و ڕووتیان دەکردنەوە، پارە و ماڵ و سامانی ئەوانیان بە تاڵان دەبرد و ئەوانەی کە نەیانتوانیبوو ڕا بکەن، وەک دیلی جەنگ لە زیندانەکانی مەیدان، بەعقوبە و بەغدا و هتد قایمیان دەکردن. لەوساوە دیاردەی تاڵانکردن لە عێراقدا بوو بە باو و وەک کارێکی ئاسایی چاوی لێدەکرا. بە هەمان شێوەش لە کاتی هێرشەکانی ئەنفالدا، لە کوردستاندا هەمان دیاردەی تاڵانکردن ڕووی دایەوە و وای لێهات تاڵان تا ئەمڕۆش پەیڕەوی بکرێت و، کورد خۆیشی ئەم ڕەفتارە پەیڕەوی بکات، بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ناوخۆیی پارتی و یەکێتی ماڵەکانی یەکتریان تاڵان دەکرد.**

**٣. بێبایەختر بوونی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا بە هۆی ئەو یاسا دوور لە لۆژیکیانەی کە ڕژێمی بەعس دەری دەکردن لە کاتی جەنگدا. بۆ نموونە بڕیاری ئەوەی هەر پیاوێ بێوەژنانی شەڕ بخوازێتەوە پارەی دەدرێتێ، یان دەرزی لێدانی کچان و ژنان بۆ ئەوەی منداڵی دووانەیان ببێ و. . هتد.**

**٤. ونبوونی متمانە و باوەڕبەیەکتر بوون لە ناو کۆمەڵگەدا بەهۆی بەکارخستنی دەزگای ئەمن بە شێوەیەکی چڕ و لە هەموو شوێنێکدا، تەنانەت برا و برا، خوشک و برا متمانەیان بە یەکدی نەمابوو.**

- **ئاکامی دەروونی:**

**١. بڵاوبوونەوەی ترس و تۆقین، بە هۆی زەبروزەنگێکی بێپایان لە لایەن پۆلیس، ئەمن و ئیستیخباراتی ڕژێمەوە.**

**٢. نیگەرانی هەمیشەیی، بە تایبەتی لای ژنان بە هۆی بەشداری کردنی مێرد و کوڕ و کەس و کارە پیاوەکانیانەوە لە جەنگدا و، هەروەها نیگەرانی زۆری دەستدرێژی ئەمن و پیاوەکانی ڕژێم بۆ سەریان، کە لەو قۆناغەدا بە تایبەت لە ناو شارەکاندا ئەو دیاردەیە پەرەی سەند کە ژنان ناچاری ئەوە بکەن لەگەڵیاندا ڕابوێرن و دواجار ئەو ژنانە ببن بە لەشفرۆش.**

**٣. بێباوەڕی تەواو بە یەکتری، کە لە ئەنجامدا مرۆڤ باوەڕی بە خۆیشی نامێنێ.**

**٤. شکاندنەوەی کەسایەتی خەڵک بە هۆی ئەو سوکایەتیپێکردنەی کە پیاوانی ڕژێم بەرامبەر بە خەڵک پەیڕەویان دەکرد.**

- **ئاکامی سیاسی:**

**١. بێکاریگەرکردنی شۆڕشی کورد، بە تایبەتی دوای هێرشەکانی ئەنفال و بڵاوەپێکردنی پارت و ڕێکخراوەکوردییەکان بۆ ئێران و بۆ وڵاتانی ئەورووپا.**

www.kurdistannet.org کوردستانەت

٢. دابڕینی خەڵک و ئەو پێشمەرگانەی کە لە کوردستاندا مابوونەو ە و بە شێوەی مەفرەزی شارەوە مابوونەوە و خەباتیان دەکرد، ئەوەش بە بڕیاری زەوی سوتاو، کە بڕیارێک بوو لەلایەن ڕژێمەوە ڕەوایەتی دەدا بە دەستەبەجێ کوشتنی هەر کەسێ کە پێ دەنێتە ئەو شوێنانەی کە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا سوتێنرابوون. هەروەها مینرێژی ڕووبەرێکی زۆر بەرفراوانی کوردستان.

٣. کیمیاباران کردنی کوردستان بە گشتی و شاری هەڵەبجە بە تایبەتی، دەنگدانەوەیەکی جیهانگرەوەی هەبوو.

٤. کارەساتی ئەنفال، کە هێند بە خەفەیی ئەنجام درا دەنگدانەوەیەکی ناوشەیی و جیهانیشی نەبوو کە ببێ بە سەرمایەیەکی سیاسی بۆ کورد.

- **ئاکامی پەروەردەیی:**

١. فێرکردن بە شێوازی زەبروزەنگ.

٢. فێرکردنی کلتووری بەعس بە منداڵان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قوتابیانی قۆناغی زانستگە.

٣. گەشەدان بە کلتووری شۆڤینیزمی عەرەبی لە ڕێگەی مەنهەجەکانی خوێندنەوە.

٤. دابەزینی پلەی شایستەیی قوتابی بۆ وەرگرتن لە زانکۆکاندا، کە بەعسی بوون بە پلەی شایستەیی دەزانرا نەک پلەی زانستی.

٥. پەروەردەیەکی باوکسالارانە لە مەنهەجی خوێندن و لە ڕەفتاری مامۆستا و لە پلانی خوێندندا.

٦. بە سەربازگە کردنی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان.

***

## جەنگی دووەمی کەنداو:

قەیرانی دووەمی کەنداو، ئەو پەلامارە لەناکاوەی عێراق بۆ سەر دەوڵەتێکی دراوسێی (کوەیت) ، ٢ ی ئاوگوستی ١٩٩٠، دروستی کرد. کە ڕێگەی بۆ تەقلیبوونێکی نێونەتەوەی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی ناوچەی کەنداو، خۆش کرد، کە لە پای یاسای نێونەتەوەی شکێنیدا ئەوانیش پەلاماری عێراق بدەن و کوەیت ڕزگار بکەن.

**یەکەم** : کێشەی کورد وەک فاکتەرلە قەیرانی دووەمی کەنداودا:

هۆکاری سەرەکی جەنگی دووەمی کەنداو ئەو داڕووخانە ئابوورییە بوو کە عێراق لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی کەنداودا دووچاری ببوو. قەرزارییەکی لە ڕادەبەدەری وڵاتانی چەکفرۆشی دنیا و، وڵاتانی عەرەبی کە بە درێژایی شەڕی یەکەمی کەنداو و، لە پەلامارەکانی بۆ سەر کوردیش پشتیوانی بوون، بە تایبەتیش وڵاتانی خەلیج و بە تایبەتیتریش کوەیت و سعودی عەرەبی و ئیمارات و قەتەر. قەیرانی پاش شەڕی یەکەم و بێدەسەڵاتبوونی عێراق لە دەستنیشانکردنی نرخی نەوت و، ئەو قەرزارییە زۆرەش کە کاتی دانەوەی نزیک بووبوو، عێراقی هانی ئەو پەلامارە دا و کوەیتی داگیر کرد، و جەنگی دووەمی کەنداو هەڵگیرسا. سیی دەوڵەتی هاوپەیمان بۆ ڕزگارکردنی

کوەیت پەلاماری عێراقیان داو سەرخان و ژێرخانی عێراقیان بەسەر یەکدا ڕووخان. کە هۆکاری جەنگی دووەمی کەنداو، خودی جەنگی یەکەمی کەنداو بووبێ و جەنگی یەکەمیش هۆکارەکەی کێشەی کورد بووبێ دەتوانرێ وەک دەرەنجامێک، کێشەی کورد لەو قەیرانەشدا هەر وەک هۆکاری سەرەکی دابنرێت.

**دووەم:**

کوردستان وەک بەرەی جەنگ لە قەیرانی دووەمی کەنداودا:

تێکشکاندنی سوپای عێراق و لاوازکردنی ڕژێم ڕێگەی بۆ لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێم خۆش کرد بۆ ڕاپەڕین چ لە باشووری عێراقدا و، چ لە باشووری کوردستاندا. ساڵی ١٩٩١، کە گەورەترین ڕاپەڕین لە مێژووی کوردستاندا ڕوویدا، کوردستان بووەوە بە بەرەی جەنگ و لەم جەنگەشدا کورد ئەگەر چی زیانێکی گیانی و ماڵی زۆری لێکەوت، ئاکامەکەی و بەرانجامەکەی ڕزگارکردنی سێ شاری گەورەی کوردستان بوو لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس. ئەو ئاکامە تا ئەمڕۆکەش وەک دەستکەوتێکی گەورەی جەماوەری کوردستان دەژمێردرێت و لە ئەنجامیشدا پەرلەمانی کوردستان دامەزرا و کورد خۆی بەشێکی ڕزگارکراوی باشووری کودرستان بەڕێوە دەبات.

**سێیەم:**

کورد و ئاکامەکانی پاش قەیرانی دووەمی کەنداو

***ئاکامە پۆزەتیڤەکان:***

- کۆڕەوی سێ ملیۆنی، لە ئەنجامی پەلاماربردنەوەی سوپای بەعس و بە تایبەتیش موجاهیدینی خەڵق بۆ گرتنەوەی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە کورد. کە ئەم کۆڕەوە بوو بە هۆی ئەوەی بڕیارێکی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی کورد دەربچێت و زوونێکی ئازاد بۆ کورد پێک بهێنرێت و بخرێتە ژێر چاودێری UN ەوە.



- دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرەتایەک بوو بۆ بناغەیەکی دیموکراسیانەی بەڕێوەبردنی کوردستان. هەروەها دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش.
- بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک، کە ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە بوژاندەوەی خەڵک و بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاشتی.

***ئاکامی نێگەتیڤەکان:***

- دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە، ئێران، تورکیا و سوریە، ئاژاوەنانەوە.
- شەڕی ناوخۆیی پارت – یەکێتی لەسەر دەسەڵات.
- شەڕی نێوان هێزە کوردستانییەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان. بە تایبەتی لە نێوانی پارتی - یەکێتی – پەکەکە. کە دەوڵەتانی دەستتێوەردەر و داگیرکەر بە پلەی یەکەم هۆکاری بوون و ڕەفتاری ناسیاسیانەی پارتە شەڕکەرەکان بە پلەی دووەم هۆکاری بوون. ئەم شەڕانە ئێستاش کاریگەری نێگەتیڤیان بەسەر دۆزی کوردەوە دەبینرێت.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**ئاكامی ئابووری:**

ئابلۆقەی ئابووری جیهانی بۆ سەر عێراق و، ئابلۆقەیەکی دوو لایەنەی جیهانی و عێراقی بۆ سەر کورد. ئەم ئابلۆقەیە کاریگەری زۆری لەسەر خەڵکی سیڤیلی عێراق و کوردستان کرد.

**ئاكامی كۆمەڵایەتی:**

کاریگەری باری ئابووری بە تایبەتی بۆ سەر ڕەفتاری كۆمەڵایەتیو دروستبوون دەیان دیاردەی كۆمەڵایەتی ناپەسەند کە پێشتر و لە قۆناغەکانی تردا لە كۆمەڵگەی کورددا نەبینراو.

**ئاكامی دەروونی:**

بڵاوبوونەوەی کلتووری تاڵان، بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر ئەم کلتوورە لە کاتی داگیرکردنی کوەیتدا. جلوبەرگی كۆگاکانی کوەیت گەیشتە هەموو خاڵێک لە عێراق و تەنانەت لە کوێرەدێکانی کوردستانیش. کلتووری تاڵان تا دەمانێکی زۆر لە ڕەفتاری تاکی عێراقی و تاکی کوردستانیدا دەمێنێتەوە و دەبێ لەگەڵ ئەم کلتوورە بەعسییانەدا جەنگێکی كۆمەڵایەتی بەرفراوان لەسەر هەموو ئاستەکان بەرپا بکرێت.

**ئاكامی دەروونی:**

دروستبوونی کەسایەتی بێباوەڕ بە خۆ و، هەمیشە پشت بەستن بە هێزی دەرەکی بۆ ڕزگاربوون. بۆ نموونە لە دۆخی کورددا کە هەمیشە فاکتەرە دەرەکییەکان بە هەند دەگیرێ و ناوخۆییەکان فەرامۆش دەکرێت.

**ئاكامی سیاسی:**

بۆ دۆخی کورد لە ڕووی سیاسییەوە شەڕی دووەمی کەنداو بوارێکی گرنگی ڕەخساند بۆ ڕاپەڕین و کوردیش ئەم هەلەی لە سەرەتادا بە شێوەیەکی باش بە کار برد، بەڵام لە دواییدا شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان كۆمەڵێ دەرفەتی لەبار برد و كۆمەڵێک دۆستی ڕاستەقینەی کوردی لە کورد تۆران. ئاشتی نێوان حیزبەکان زۆری خایاند و لە ئاکامدا تەنها پێویستی و ئەمری واقیع ئاشتی نێوان ئەم دوو حیزبەی لەسەر پێ ڕاگرت.

**ئاكامی پەروەردەیی:**

کوردستان ئەگەر چی لە دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی ئەمن پاک کرایەوە، بەڵام سیستەمی پەروەردە دەستکاری نەکرا و بەمەش ئەگەرچی بەعس ئامادەبوونێکی فیزیکی لە کوردستاندا نەبوو، بەڵام ئامادەبوونێکی فیکری لە قوتابخانەکاندا بە هۆی میتودەکانییەوە کە تا ئێستاش لە قوتابخانەکانی کوردستاندا پەیڕەوی دەکرێت، هەبوو.

# جەنگی سێیەمی کەنداو:

هێشتنەوەی سەددام لەسەر کورسی حوکم، بە واتای بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی قەیرانی کەنداو و، بە ناتەواوی هێشتنەوەی جەنگی دووەمی کەنداو بوو. ئەو دەم هاوکێشە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە باڵاکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا وەک زلهێزترین لە هاوکێشەکەدا ئەوەی دەخواست کە تا ماوەیەکی دیارینەکراو کێشەکانی ناوچەکە و، قەیرانی کەنداو ڕابگیردرێت و بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە .

ئەم ساڵ و ئەم مانگە بە ماوەیەکی گونجاو زانراوە بۆ تەواوکردنی ئەو جەنگەی دووەمی کەنداو، کە دەبوایە ئەوسا بە رووخاندنی ڕژێمی سەددام کۆتایی هاتبا و نەهات.
بۆچی ئێستا قەیرانی دووەمی کەنداو زەق دەکرێتەوە؟ ڕەنگە هۆکاری زۆر هەبن و ئێمە هەندێکیان بزانین. دوو هۆ لەم پەیوەندییەدا دیارترینن:
**یەکەم:**
عێراق و ڕژێمی سەددام، گومانی تێدا نییە کە لانکە و پەروەردەکاری کلتووری تیرۆرن لە ناوچەکەدا. ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەر و پەیوەندی ئەم کارەساتە بە عێراقەوە بۆ هەر لایەنێکی تر جێی گومان بێ، بۆ ئەمریکا گومان هەڵنەگرە. هەندێ وڵاتی تری ناوچەکەش بۆ ئەمریکا جێی هەمان گومانن و بە تایبەتیش سوریە، ئێران، سعودی عەرەبی. لە سەروی هەمووشیانەوە ئەفغانستان بوو، کە یەکەمین گورزی لەو وەشاند.
**دووەم:**
بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پێویستییەکی هەنووکەیی بەو دەستتێوەردانە گشتگرییە هەیە.
**سێیەم:**
هەژموونی ئەمریکا بۆ سەر دنیا و کۆنترۆڵکردنی جیهان و پەرەپێدانی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم لە شێوازی گلوبالیزمدا.
چوارەم:
ساغکردنەوەی چەکە نوێکانی کارگەکانی ئەمریکا و، کۆنترۆڵ کردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
## کورد لە هاوکێشەکانی ئەم قەیرانەدا:
پەرلەمانی کوردستان چارەسەری یەکێتییەکی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا، هەر لەسەرەتاوە خستە روو. بەو ئاراستەیە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا دەبرد بەڕێوە.
تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا لە دژی هەر جۆرە قەوارەیەکی کوردییە لە هەر کوێیەکی دنیا بێ و ئەمەش بە نهێنییەوە نییە و بە ئاشکرا گوزارەی لێدەکەن و دەڵێن ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین ئەگەر لە کیشوەرێکی تریشدا بێت.
تورکیا گرەو لەسەر ئەم خاڵە دەکات و ئامادەی هەر ڕەفتارێکی ناسیاسیشە لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو خەونەمارانەی خۆی و بۆ داڕووخاندنی هەر بناغەیەک کە لە داهاتوودا ئەگەری پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەسەردا بکرێت.
ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان و یەکنەبوونی هەڵوێستیان لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی دژایەتی دەوڵەتی تورک، جێی مەترسییە.
ئەزموونی دوانزە ساڵەی ئازادی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی کوردی لە خەتەرێکی جیددیدا دەبینرێتەوە.
ئاکامەکانی جەنگی سێیەمی کەنداو بۆ کورد، دەکرێ بەو شێوەیە پێشبینی بکرێ:
www.kurdistannet.org کوردستان نێت

**ئاكامی سیاسی:**

دوو گریمان له ئارادا دەبێ: ئەگەری لەدەستدانی دەسەڵاتی کوردی و داگیرکردنی کوردستان لە لایەن تورکیاوە. هەروەها ئەگەری چەسپاندنی یەکێتییەکی فیدراڵی لەگەڵ عێراقدا. کە رەنگبێ ئەمەی دووەمیان هەنگاوێک بێ بەرەو دەوڵەتی دوارۆژ.

**ئاكامی كۆمەلایەتی:**

به رووخاندنی رژێمی سەددام، بوارێک بۆ رەفتارکردن لەگەڵ کێشە کۆمەلایەتییەکان فەراهەم دەبێت. دەیان دام و دەزگا و رێکخراوی پیشەیی بە ئازادییەوە کار بۆ ئەم بوارە دەکەن و لێیاند ەکۆڵنەوە. بە تایبەتی ژن دەتوانێ ئەگەر بتوانێ سوود لەو دەرفەتانە ببینێ کە لەئارادا دەبێ بۆی دوای تەفروتووناببوونی رژێمی بەعس دەتوانێ هەنگاوی باش بۆ ئازادکردنی مێژووی خۆی بنێت. چین و توێژە کانی تری کۆمەلگەش دەتوانن سوود لەو دەرفەتانە ببینن کە لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس دێنە کایەوە.

**ئاكامی دەروونی:**

لە پێش جەنگدا و ئێستا خەلکی کوردستان بە تایبەتی لە حالەتی تۆقیندان لە ئەگەری بەکارهێننای چەکی کیمیایی. پاش جەنگ جۆرێک لە دلنیایی دەروونی و بوژاونەوەیەکی دەروونی هەست پێدەکرێت.

**ئاكامی ئابووری:**

ئێستا بازارەکانی کوردستان بە تایبەتی لە دۆخی قەیراندان، بە تەواوبوونی شەڕ ئەو دۆخە کۆتایی پێدێت و بازاری کوردستانیش دەبوژێتەوە.

**ئاكامی پەروەردەیی:**

دەکرێ سیستەمی پەروەردەی سەقەتی بەعس سەرلەبەر بگۆردرێت و بەمەش جەنگێک دژ بە کلتووری بەعس بەرپا دەبێت. کە بە رای من گرنگترینە.

. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربرینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣